## ئارام گەردی: ماف پێشێلکەروشێوێنەرێکیتری ڕاستیەکان

**ئارام حەمەلاو**
Rehend_7@hotmail.com

ناو بەناو لەسەر د.کەمالی سەید قادر دەنووسی بەڵام هەرچەند دەکەیت ناتوانیت بێلایەن بیت، چونکە بەناوەرۆکی نوسینەکانتا دیارە کە تۆش قەڵەمبەدەستێکی پارتیت.تۆ کە بەقەولی خۆت د.کەمال مامۆستات بووە بەڵام حیزبایەتیت زۆر لە ڕێزی مامۆستایەک لا پیرۆزترە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو وشەی فێرکردوویت، عەرەب دەڵێ (من علمنی حرفا ملکنی عبدا)ئاخر ئەو برادەرەی کەنەدا ناهەقی نەبووە کەپێتی وتوە زورناژەن، چونکە ئێوە ئەو هەموو ناهەقیە دەبینن و ملتان شۆڕکردووە و پلەو پارە چاوی ویژدانی کوێرکردوون و حەقیقەتەکان دەشێوێنن، بۆیە ئێوە مانان و ئەو قەڵەمانەی بەباڵای ملهورانەی دەسەڵاتی کوردیدا هەڵدەدەن نەک تەنیا زورناژەنن بەڵکو تاوانباریشن و لەگەڵ هەڵەکانی دەسەڵاتدا شەریکن.لینین دەڵێ(ئەوەی لە حەقیقەت ناگات گێلە، ئەوەی لێی تێدەگاو خۆی لێهەڵەدەکات تاوانبارە)ئێوە گێل نین چونکە باش لەملهوری و زولموزۆری پارتی تێدەگەن ، بەڵام خۆتانی لێ هەڵە دەکەن بۆیە جەنابتان تاوانبارن.

جەنابت لەنوسینەکانتا بە کاک مەسعود بارزانی دەڵێی سەرۆکی کوردستان، ئاخر ئەگەر تۆش فیعلەن زورناژەن نیت هەموو کەس دەزانێ کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە نەک سەرۆکی کوردستان وەک جەنابتان وزاگرۆس تیڤی و سایتی پەیامنێرو هاوچەشنەکانی تری باڵی نێچیر ئیدیعای بۆ دەکەن.جگەلەوە کاک مەسعود سەرۆکێکی هەڵبژێردراو نییە بەڵکو دانراوە بەپێی ڕێکەوتنێکی حیزبی بەڵام ئێوە بەزۆر دەتانەوێ ئەم ڕاستیە لەخەلک بشێوێنن.کاک مەسعود نەک سەرۆکی کوردستان نییە بەلکو سەرۆکی لەتێکە لە بەشێک.بەهەر حاڵ ڕاستتربوو بتانوتایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی باشووری کوردستان.کە ئەمەی دواییان زۆر جوانتر بوو.یان جەرائەت ناکەن ناوی باشوور بهێنن نەکا تورک و فارستان لێ بوورژوێ.

کاکی مافپەروەر من دڵنیام گەر خەڵک بە ئارەزووی خۆی دەنگ بۆ سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بدات، دڵنیابە جگە لە ئەندامانی پارتی کەس دەنگی پێنادا، ئیتر ئەوەش حوکمی حیزبایەتی کوێرانەیە لە کوردستاندا پەیرەودەکرێ ناوەرۆکی

بابەتەکانی تۆ باشترین دەلیلن.بۆیە کاک مەسعود سەرۆکی لەتێکە لە بەشێک نەک سەرۆکی کوردستان وەک ئێوە دەنوسن.ئەوە جگە لەوە ئەو کارەی ئێوە هەڵەیەکی مێژووی گەورەیە بەدڵی دوژمنەکانیشمانە.چونکە نەخشەی کوردستان دیارە،ئەگەر کوردستان بچوک ببێتەوە بۆ تەنیا سێ پارێزگا ،ئەوە دڵنیابە ئێرانو تورکیا هیچ لاریان لەو کوردستانە نییە کە لە سێ پارێزگا پێکبێت.چونکە ئەوکات ئەوان لەخۆیان ناترسن ،بۆیە ئەم کارەی ئێوە خزمەتی باش بە دوژمنان دەکات و کردنی مەسعود بارزانیش بە سەرۆکی کوردستان جگە لەهەڵنانێکی نا مەنتقی و دروستکردنی موٍنافەسەیەکی ناشەریفانە لە نێو سەرکردە کوردەکاندا نەبێت شتێکیتر نییە بۆیە بەو کارە پێبزانن یا نا کارێکی زۆر خراپ دەکەن.دڵنیاشبە کوردی هیچ کام لەو بەشانە کاک مەسعود وەک سەرۆکی خۆیان قبوڵ ناکەن.ئەوە گەلە لە داهاتودا بڕیار دەدات کێ دەکات بە سەرۆک نەک ئێوەی زوڕناژەن و کاسەلێس.ئاخر ئێوەن حوکمی دیکتاتۆری دروستدەکەن ،کاکە گیان دیکتاتۆر هەر دیکتاتۆرە چ کورد بێت چ عەرەب.لەبەرەنجامی وەحشیانەی سەدامدا خەلک لە ترسا نەیانوێرا بچوکترین ڕەخنە ی لێبگرن و ئەمەندەیان بە شان وباڵی هەڵدا تا بوو بەو دیکتاتۆرەی ملیۆنان خەلک بوون بە قوربانی کارە وەحشیەکانی ئەو،ئێوەش ئێستا هەمان سینارۆ دوبارە دەکەنەوە،توخوا عەیب نییە سەدام ئاسا خەلک بەسەر بارزانی یا پارتیدا گۆرانی بڵێت،من وەک کوردێک کە گوێم لە گۆرانییەکانی جەلال پەرێشان و ئەمسالی ئەو دەبێت شەرم دەمگرێت،چۆن سەرکردەیەک و حیزبێک رازی دەبن ئاوا لاسایی سەرەڕۆترین دیکتاتۆر بکەنەوە،گۆرانی بە باڵای پارتی و مەسعود بارزانیدا بڵێن .من ئەم کارە نەک بۆ بارزانی بگرە بۆ هەر سەرکردەیەکی کورد بە هەڵە دەزانم.بەتایبەت سەرکردەیەک لەژیاندا مابێت.چونکە ئەم کارانە سەرەنجام دیکتاتۆر دروست دەکەن ،دەبێ سەدام و ئەمسالەکانی چیان کرد ئێمەش چاوەرێی ئەوەبین لەمان.

ئێوەیەک خۆتان بەرۆشنبیرو مافپەروەر دەزانن ،کەچی وشەیەک بۆ ئازادی لە بەناو نوسینەکانتدا جێگەی نابێتەوە.تۆیەک ناوێکی زلی مافپەروەریت لکاندووە بە ناوەکەتەوە،کە هیچ زەرورەتێکی نییە ئەو وشەیە بنوسیت جگە لەخۆ دەرخستن نەبێت ،بەڵام ئەگەر خەڵکی کورد بەتەمابێت مافپەروەری وەک تۆ

دیفاعی لێبکات، ئەوە کورد وتەنی کەشکی فەریکە.ئاخر چاوەکەم ئێوەمانان لەگەڵ محامی وقازی و عەواد بەندەرەکانی بەردەستی سەداما فەرقتان چییە؟ ئەو کاتیش کەس نەیەوێرا بە سەدام و بەعس بڵێ لەل ،یا ئیعدام بوو یا ئەبەدی لای ئێوەی بەناو مافپەروەریش کەس لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا ناوێرێ بە پارتی وبارزانی بڵێ لەل یا 30ساڵ و داڕزان لە ئاکرێ، یاکەس نازانێت لاشەکەی چی دەیخوات.........کەواتە پێم بڵێ جیاوازییەکە لە کوێدایە ؟

بەوەشەوە نەوەستاوی ئێستا گومان دەکەیتە سەر دکتۆراکەی د.کەمال ،بەمەدا دیارە کەتۆ مافپەروەر نیت بڵکو کەسێکی سەربەپاراستنی،گەر وانییە کەی ئەوە ئیشی تۆیە ،باشە ئەوە وتمان د.کەمال زانکۆی سەلاحەدین و حکومەتی ئێوەی فریودا ،دەکرێ د.کەمال حکومەتی نەمساشی فریودابێ؟ ئەمە بە عەقڵی کێدا دەچێ ؟.ئەگەر د.کەمال توانیبێتی دوو حکومەت هەڵبخەڵەتێنێ ،کەواتە ئافەرین بۆ د.کەمال بەڕاستی ئەوە زیرەکیە!

بەڵام پێم وایە ئەمەش هەوڵێکیتری نەزۆکانەی ئێوەی زورناژەنانی پارتییە،وەک چۆن پێشتر بە شێت ونەخۆشتان لەقەڵەمدا.من دەپرسم ئەی ئەگەر د.کەمال ئازاد بوو،لەدەزگایەکی حکومەتەکەتاندا دەستی بەکارکرد ،ئەوکات ئێوەمانان چ وەڵامێکتان بۆ قسەکانی پێشوتان دەبێت؟بەم بەناو نوسینەتا رووی راستەقینەی خۆت دەرخستووە کە تۆ کەسێکی دڵڕەشی بەرامبەر بە د.کەمال و هەموو کەسێکی ئازادیخوازو هەموو وشەیەکی ئازاد.د.کەمال هیچ قسەیەکی جێگەی ئیعتیبار نییە تائەو کاتەی تەواو ئازاد نەبێت و لەدەرەوەو لە کەش وهەوایەکی دوور لەدەسەڵات چ قسەیەک بکات ئەو کات جێی باوەرە،ئەوە گاڵتەجارانەیە کەسێک لە ناو ئاسایشەوە بڵێ من ئازادم و هیچ گوشارم لەسەر نییە.جەناب ئەوە جەماوەری پشت کەمپێنی ئازادی د.کەمال نییە کە شەرم دایگرتوون بەوەی پارتی ڕێگەی بە د.کەمال دا لە ئاسایشەوە قسەبکات،ئەوە پارتەکەتە بەناچاری و لەژێر فشاری جالیەی کورد لەدەرەوەو حکومەتی ئەمەریکیدا،شەرم گرتی وناچارکرا ئەومۆڵەتە بە د.کەمال بدات،ئەگەرنا د.کەمالیش وەک هەزارانیتر خوا دەیزانی لەکوێ ئێسک و پروسکی فڕێدەدرا.دوای ئەوە تۆ باسی سەربەخۆیی داگاکە دەکەیت ،ئەرێ توو ویژدانی مردووت دادگا سەربەخۆیە؟گەر سەربەخۆیە بەکام بەند کەسێک لەسەر تەشهیر بە30ساڵ حوکم دەدرێ،ئەی ئێستا بەکام بەند خەریکن ئازادی بکەن .کاکە ئەمە دادگایە یا

مەهزەلەیەو گاڵتەکردن وسوکایەتیکردنە بەدادگا جا ئەمە تۆ گوایە کەسێکی مافناسیت ئاوا سەیری دادگا دەکەیت ئەی قوربەسەر ئەوکەسەی کە فڕلە ماف و یاسا نازانێت!کاکە ئەمە ئەوپەری سوکایەتیە بە پیشەکەی جەنابت ،دەبوو هەرکەسێک رازی بێت بەڵام تۆو ئەمسالی وەک تۆ هەرگیز بەوە رازی نەبوونایە ئاوا سوکایەتی بە پیشەکەتانەوە بکرێ، ئەی کاک نێچیر بۆ لیژنەیەکی پێکهێناوە تا حوکمەکەی بۆ تەمیز بکاتەوە،دەستوەردانی کاک نێچیر لەو دادگایە چ مانایەک بۆ ئەو سەربەخۆییە دەهێڵێتەوە کە جەنابت باسی دەکەیت.خۆ لەکێشەکەی حەمە سەعیدو عبدللە ئاگرین دا هەر کاک نێچیر تەدەخولی کرد،حەمە سەعید نەک سزا نەدرا بەڵکو خەڵاتیش کرا،ئەرێ کاکی ڕاستی شێوێن کامەیە دادگای سەربەخۆ؟

ئافەرین کاکی بەناو مافپەروەر بەڕاستی دڵسۆزانە بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەت ڕاستیەکان دەشێوێنیت.بەڵام دڵنیابە کەس بەو دهۆڵە دڕاوانەی ئێوەمانان هەڵناپەڕێت،هەرگیز بەری خۆر بە بێژنگی درۆزنانەی ئێوە ناگیرێ ،مەحوی وتەنی شکور هوشیارە مەحوی تێدەگا دونیا خەراباتە ببورن هەولێر خەراباتە.دڵنیاشبە من نە جەنابت و نە د.کەمالیش ناناسم بەڵام قسە ناهەقیەکانت بەرد دێنێتە گۆ.کاتێکیش کەسێکی بەناو مافناسی وەک تۆ ئاوا کوێرانەو ویژدان مردووانە داکۆکی لە دەسەڵات دەکات،من تەواوێک بەزەییم بەو میللەتەدا دێتەوە کە خەڵکانی وەک ئێوە مافناس و مافپەروەری بن!.